# زاراوەسازی و ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردی

م. هەمزە حسێن حەمە، زانکۆی ڕاپەڕین، کۆلێژی پەروەردە، بەشی زمانی کوردی
hamzahussein132@gmail.com

**کورتە**

زاراوە بە بەردی بناغەی لەدایكبوون و پێکهێنانی زمانی نەتەوایەتی دادەنرێ. زانستی زاراوە لە زمانە پێشکەوتووەکاندا گرنگییەکی بەرچاوی پێدەدرێت، چەندان توێژینەوەی جۆربەجۆری لە سەر کراوە و دەکرێ. لەبەر ئەوەی زمانی کوردی لەم سەردەمەدا بە قۆناغێکی مەزنی گەشەسەندن و خزمەتکردندا دەڕوات، بووە بە زمانی پەروەردە و فێرکردن، زمانی دادگا و یاسادانان و زۆر بواری دیکە. لێرەدا لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیە، دەمانەوێ خزمەتێکی بچووك بە فەرهەنگی زمانی کوردی بکەین. ئەم لێکۆڵینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لە دوو بەشی سەرەکی پێكهاتووە، بەم شێوەیە: بەشی یەکەم پێكهاتووە لە: سەرەتا، مێژووی زاراوەسازی، مێژووی زاراوەسازی کوردی، چەمك و پێناسەی زاراوەسازی، چەمك و پێناسەی زاراوەسازی کوردی، چەمك و پێناسەی زاراوە، چەمك و پێناسەی فەرهەنگ، سوودەکانی فەرهەنگ، جۆرەکانی فەرهەنگ، هاتنی زاراوە لە زمانی تر بۆ ناو زمانی کوردی). بەشی دووەم تەرخان کراوە بۆ ڕێگاکانی وەرگرتن و دروستکردنی زاراوە لە زمانی کوردیدا، بەم شێوەیە: (ڕێگای وەرگرتنی زاراوە، ڕێگای لێکدانی زاراوە، ڕێگای داتاشینی زاراوە، ڕێگای داڕشتنی زاراوە، ڕێگای وەرگێڕانی زاراوە).

**وشە سەرەکییەکان:** زاراوە، زاراوەسازی، داتاشین، داڕشتن، هاتنی زاراوە، وەرگێڕانی زاراوە .

## بەشی یەکەم

### ١-١. سەرەتا:

زمان کەدیاردەیەکی کۆمەڵایەتیەو بۆ پەیوەندیکردن لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا بەکاردێت، بەتێپەڕبوونی کات و لەگەڵ گۆڕانە خێراکانی بیر و تەکنەلۆژیادا گۆڕانی بەسەردا دێتو بەردەوام پێویستی بەتازەکردنەوەو داهێنانی زاراوەی نوێ دەبێت، لەم جیهانەدا زمان نییە کەم و کورتی نەبێت، هەموو زمانێك تا لە ژیانەوە نزیك بێت و هۆی دەربڕینی بیر و باوەڕو هەست و نەست و سۆز بێت، ئەوا کێشەو کەم و کورتی زۆری تێدا دەردەکەوێ.

هەموو نەتەوەکانی سەر ئەم زەمینە، کە کوردیش یەکێکە لەوانە پێویستیان بە مەبەست و واتای زاراوە جیهانیەکان هەیە، بۆیە دەبێت ئەو زاراوە جیهانیانە لە زمانەکانیاندا بەکاربهێنن و لە فەرهەنگەکانیاندا بیان چەسپێنن. بۆیە وەرگرتنی زاراوە سودو قازانج بە فەرهەنگی زمانی ئەو نەتەوە و میللەتانە دەگەیەنێ کە زاراوە وەردەگرێت، لەبەر ئەوە ئێمە ناتوانین باس لە پێشکەوتن و زانستەکانی سەردەم نەکەین، چونکە زاراوەی پێویست بەو بابەتانە لە زمانەکەماندا دەست ناکەوێ.

### ١-٢. مێژووی زاراوەساز

سەرەتای مێژووی ئەم زانستە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدە (طاهر، ٢٠١٤، ١٦٢). لە سەدەی نۆزدەوە، زانایانی کیمیایی و زیندەوەرزانی لە ئەوروپا دەستیان بە یەکخستنی ڕێساکانی دانانی زاراوە لەسەر ئاستی جیهان کرد. لە ساڵانی (١٩٠٦ – ١٩٢٨)دا، بە شەش زمان فەرهەنگی وێنەداری (سلۆمان) بۆ زاراوە تەکنیکیەکان لە (١٦) بەرگدا دەرچوو. بایەخی ئەم فەرهەنگە لەوەدایە کە لەسەر دەستی تیمێکی دەولی لە شارەزایان دەرچووە و بەپێی ئەلف و بێی ڕیزبەندی ڕێکنەخراوە، بەڵکو لەسەر بنچینەی چەمکەکان و پەیوەندی نێوانیان ڕیزکراوە (وەسمان، ٢٠٠٤، ٣٨).

لەساڵی ( ١٩٣١ ) کتێبی ( یەکخستنی نێودەوڵەتی زمانی ئەندازە ) بەتایبەتی ( ئەندازەی کارەبایی ) دەرچوو، کە پرۆفیسۆر (ڤیستەر)، مامۆستا لە زانکۆی (ڤیيەننا)، کە لە ساڵی (١٩٧٧) کۆچی دوایی کردووە، داینا بوو، دوای ئەوەی چەندین بنچینەی پتەوی بۆ ئەم زانستە دانا، زۆربەی زمانەوانان و ئەندازیاران، ئەم کتێبە بە سەرچاوەیەکی گرنگی ئەم بابەتە دەژمێرن (عەبدوڵلا، ٢٠٠٧، ١٢).

لە ساڵی (١٩٣٦)دا لەسەر داواکردنی یەکێتی سۆڤیەت (لیژنەیەکی تەکنیکی بۆ زاراوەکان) لە ئەکادیمیای زانستەکانی سۆڤیەت پێکهێنرا. لەژێر سایەی (یەکیەتی جیهانی کۆمەڵەکان بۆ پێوانە نیشتیمانیەکان ISA). (وەسمان، ٢٠٠٤، ٣٨).

لەدوای دووەم جەنگی جیهانی، لیژنەیەکی نوێ جێگەی ( لیژنەی تەکنیکی بۆ زاراوەکان ) گرتەوەو، بەناوی (لیژنەی تەکنیکی سی و حەوت)ی تایبەتکار بەدانانی زاراوەو ڕێکخستنیان، کە بەشێکە لە (ڕێکخراوی جیهانی یەکخستنی پێوانەیی ISA) ، کە (جنێف) بۆتە بارەگای ئەم لیژنەیە. (عەبدوڵلا، ٢٠٠٧، ١٤).

یەکێك لە پێشەنگە گەورەکانی بواری زاراوەسازی، کە شارەزایەکی گەورەی (وینسکۆ)یە، (ئەدۆین هۆلمسترۆم)ە، ئەم ڕێکخراوە جیهانیەی هاندا بۆ بنیاتنانی (فەرمانگەی زاراوەی نێودەوڵەتی)، وە بودجەی دارایی پێویست دابین بکات بۆ بڵاوکردنەوەی بیبلۆگرافیایەك بە دوو بەرگ، بە ناونیشانی (فەرهەنگە تایبەتمەدەکان لەزانست و تەکنەلۆژیا)دا (وەسمان، ٢٠٠٤، ٣٩).

هەروەها زانا (ویستر) لە ساڵی (١٩٥٥) – وە (سکولمان) ساڵی (١٩٧٠) بە یەکێك لە زانا یەکەمەکان دەژمێررێن کەوا، یارمەتی بنیاتنانی زاراوەی هاوچەرخیانداوە، وە (هومستروم) ساڵی (١٩٧٠) بە یەکەم کەس دەژمێردرێ کەوا کاری بۆ بنیاتنانی زانستی زاراوە کردووە،و کردوویەتی بە گێڕانەوەیەکی سیاسی، ئەوکاتەی کەوا کاری لە (ڕێکخراوی یۆنسکۆ) دەکرد، وەشتێکی دامەزراند، کە ئەمڕۆ بە (ئەنفونزم) ناسراوە . (القحطانی، ٢٠٠٣، ١١).
لەساڵی (١٩٧١) بە هاوکاری (وینسکۆ و حکومەتی نەمسایی، بنکەی زانراوی دەولی زاراوەکان Info term) لە ڤییەننا دامەزرا. پڕۆڤیسۆر (هلموت فلبر) مامۆستای زاراوەسازی لە زانکۆی ڤییەننا سەرپەرشتی دەکات. ئەم بنکەیە زۆر کۆڕ و سیمیناری جیهانی بۆ ئەم مەبەستە سازکردووە، یەکەم کۆڕی جیهانی سەبارەت بە هاوکاری دەولی لە مەیدانی زاراوەکان بوو کە لە ڤییەننا لە ساڵی (١٩٧٥) بەسترا. هەروەها ئەم بنکەیە لە ڤییەننا لە ساڵی (١٩٧٩) بۆ جاری دووەم کۆڕی خۆی بەستو سیمینارێکی سازکرد، بۆ لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگنووسی و حاڵەتی ئێستایی.
هەروەها لە کەنەدا لە حوزەیرانی (١٩٨٢) (سیمیناری جیهانی لەبارەی گیروگرفتەکانی هاوواتایی و پێناسە لە زاراوەسازیدا) و سیمینارێکی تایبەت بە زاراوەسازی لە کۆنگرەی جیهانی فەرهەنگسازیدا لە ئەیلولی (١٩٨٣) (القاسمی، ١٩٨٥، ١٦) پێشکەشکران.

## ١- ٣. مێژووی زاراوەسازی کوردی

(مێژووی زاراوەسازی لە زمانی کوردیدا پەیوەستە بە مێژووی پێشکەوتنی زمانی کوردیەوە. ئەگەر تەماشای کاری فەرهەنگنووسی کوردی بکەین، کێشەی زاراوەی کوردی دەبینین بە وێنە (نەوبەهار)ی ئەحمەدی خانی و (ئەحمەدی) شێخ مارفی نۆدێی و (الهدیة الحمیدیة فی اللغة الکردیة)ی یوسف زیائەدین خالیدی پاشاو ... هتد گەلێك زاراوەی وەها تۆمارکراون کە ئێستا سەرچاوەن پەنایان بۆ دەبەین). (عەبدوڵلا، ٢٠٠٧، ١٤).
لەو دوو دەیەی ڕابردوودا فەرهەنگنووسەکانمان لە فەرهەنگەکانیان گەلێك زاراوەی کوردییان تۆمار کردووە، بەمە پێشکەوتن و گەشەسەندنی زاراوەی کوردیمان بۆ دەردەکەوێ. بۆنموونە :- ((مامۆستا گیو موکریانی ((هەندەران)) ی بۆ ((خارجیە)) و ((شارەوانی)) بۆ ((بلدیە)) داناوە، مامۆستا مەردۆخ ((پاژ))ی بۆ ((جزء)) و ((رژد)) ی بۆ ((حریص)) بەکارهێناوە. مامۆستا شێخ محمدی خاڵ ((پەیجوور)) ی بۆ ((تحقیق الشرطه)) و ((وەرزش)) ی بۆ ((ریاضە)) تۆمار کردووە، مامۆستا تۆفیق وەهبی ((پار))ی بۆ ((فصل الکتاب)) و ((دادخواز))ی بۆ ((مشتکی)) بەکارهێناوە. مامۆستا قەناتی کوردۆ ((بەرەڤان))ی بۆ ((حکم)) و ((فێرگە))ی بۆ ((مدرسه)) نووسیوە .... هتد)). (ئەنجوومەنی کۆڕ، ١٩٧٥، ٤٩٩).
دانان و سازکردنی زاراوە لەچاو کاری فەرهەنگنووسی زۆر دواکەوتووە و دانانی زاراوەی کوردی بەتایبەتی لە دوای شۆڕشی (١٤)ی تەمووزی (١٩٥٨)ەوە برەوی سەند. کاتێك کە خوێندن لە زۆربەی خوێندنگاکانی کوردستان کرایە کوردی، پێویستی زاراوەی زانستی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و پەروەردەییو چەندین بواری دیکە هاتە پێشەوە (عەبدوڵلا، ٢٠٧، ١٥).
جەمال نەبەز فەرهەنگۆکێکی، لەژێر ناوی (هەندێ زاراوەی زانستی) کە نزیکەی سێ سەد زاراوەیەك دەبێت، لە ساڵی (١٩٦١) و سەد نوسخە لە ((فەرهەنگۆکی زانستی)) کە دەوروبەری سێ هەزار زاراوەیەك دەبێ بڵاوکردەوە. (نەبەز، ١٩٧٦، ١٨).

هەروەها بەرهەمەکانی کمال جەلال غەریب، بەناوی (فەرهەنگی زانیاری) لەم بوارەدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیەو هەوڵەکانی کۆڕی زانیاری کورد لەبەغدا بەرهەمێکی باشی لەزاراوەی جۆربەجۆر بەچاپ گەیاندو بڵاوکردەوە (عەبدوڵڵا، ٢٠٧، ١٥).

### ١- ٤. چەمك و پێناسەی زاراوەسازی

زاراوەسازی ((ئەو زانستەیە کەوا لە پەیوەندی نێوان چەمکە زانستیەکان و زاراوە زمانیەکانی، کە ئەو چەمکانە دەردەبڕن دەکۆڵێتەوە)). (القاسمی، ١٩٨٥، ١٨).

زاراوەسازی زانستێکی هاوبەشە لە نێوان زانستەکانی زمان و ژیربێژی و ڕاگەیاندن و تایبەتمەندانی بواری زانست و تەکنیك، وەرگێڕ و ئەوانەی لە بواری ڕاگەیاندن کاردەکەن، بایەخی پێدەدەن. زاراوەسازی یەکێکە لەو چەمکە تازانەی کە سەر بە زانستی زمانەوانی هاوچەرخەو ئامانجی ئەوەیە دەستورێکی چەسپیو و پێوانەیی بۆ زاراوە زانستیەکان دابنێت (القحطانی، ٢٠٠٣، ١١).

زاراوەسازی بایەخ بە سێ لایەن دەدات:-

١. پەیوەندیی نێوان چەمکە ئاوێتەکانی (ڕەگەز ، جۆر ، گشت)، کە وێنەی سیستەمی چەمکەکان پێکدێنێت و بنچینەیە بۆ دانانی زاراوە کە زانستێك دەری دەبڕێت.

٢. لە زاراوەکانی زمان دەکۆڵێتەوە و لە پەیوەندییەکانی نێوانیان و ئامڕازی دانانیان و سیستەمی نواندنیان لە پێکهاتەی زانستێك لە زانستەکاندا، بەو واتایە زانستی زاراوەکان لقێکە لە لقەکانی زانستی وشەڕۆنان (لیکسیکۆلۆژی) و زانستی گۆڕانی هێمایی وشەکان (Semasiology).

٣. زاراوەسازی لە ڕێبازە گشتیەکان، کە دەگاتە پێکهێنانی زمانی زانستی و تەکنیکی بێ لەبەرچاو گرتنی بەجێهێنانی لە زمانێکی سروشتی دیاریکراودا. (وەسمان ، ٢٠٠٤، ٤٠).

### ١- ٥. چەمك و پێناسەی زاراوە

زاراوە چەشنە وشەیەکەو گواستنەوەی وشەیەکە بۆ واتایەکی نوێتر (طاهر، ٢٠١٤، ١٦٥)، زاراوە وشەی فەرهەنگی سەر زمانی خەڵکی نییە، بەڵکو وشەیەکی نوێباوە بۆ واتایەکی نوێ و واژەیەکی بابەتییە پسپۆڕەکان لەسەری ڕێککەوتوون، بۆئەوەی واتایەکی دیاریکراوی ڕوونی پێ دەربڕن (عەبدول، ٢٠٠١، ٦). زانستی زاراوە بەیەکێك لە چەمکە تازەکان دەژمێردرێت لە زانستی زمانەوانی هاوچەرخدا، ئامانجی دانانی بنەما جێگیرەکانە بۆ زاراوە زانستیە سەردەمییەکان. لەکاتێکدا کەسێك بیەوێت دەربارەی دروستبوونی زاراوەکان و ئاستی ڕەنگدانەوەیان لەسەر دروستبوونی زانست و مەعریفە، باشتر وایە، سەیری زانستی زاراوەکان بکات، وەك: کێڵگەیەکی فرە تایبەتمەندی، کەوا، پەیوەندی هەیە بە (منطق) وە زانستی زانیاریەکان، وەڕیزبەندی کردن، هەروەها زانستی (دیلالی) واتە (لێکدانەوەی وشە)، کە ئەو زانستە یەکێکە لە لقەکانی زمانەوانی (فەرهەنگی وشە)، یان ناسراوە بە (Info term ). (القحطانی، ٢٠٠٣، ١٣).

زاراوەی کوردی ناوێکی ڕەسەنە، لە فەرهەنگی نەتەوایەتی کوردییەوە بە گوێرەی ڕێبازێکی پێکهێنانی وشەی کوردی، بۆمەبەستێکی دەستنیشانکراو لە کۆڕی پسپۆڕیدا – سازکراوە. (بەسیر، ١٩٨٦، ٢١٨).

**١-٦. چەمك و پێناسەی فەرهەنگ**

فەرهەنگ تۆمار و گەنجینەیەکە، کە وشە و زاراوەکانی زمان دەپارێزێت. هەموو زمانەکانی جیهان خاوەنی فەرهەنگی تایبەت بە خۆیانن، چونکە هەموو زمانێك بەهۆی فەرهەنگەکەیەوە دەناسرێتەوە (خۆشناو، ٢٠١٦، ٨٤).

فەرهەنگ ئەو کتێبەیە، کە وشەی تێدا تۆمارکراوە، جگە لە تۆمارکردنی وشە، زانیاری دەربارەی واتای وشەکانو چۆنیەتی نووسین و درکاندن و پەیدابوونیان دراوە (مارف، ٢٠٠٤، ٢٦١).

فەرهەنگ سەرچاوەیەکی زمانییە، کە دەروازەو شیکردنەوەی تێدایە، کە دەگونجێ ئەو فەرهەنگە مێژوویی یان وەسفی یان پێوانەیی بێت، هەروەها دەگونجێ یەك زمانی یان دوو زمانی یان چەند زمانی بێت (الخولی، ١٩٨٦، ٣٢).

**١-٧. سوودەکانی فەرهەنگ**

١- پارێزگاریکردن لە مانەوەی وشەکانی زمان، چونکە لە زماندا بەردەوام وشە لە دایك دەبێ و دەمرێ (خۆشناو، ٢٠١٦، ٨٥).

٢- توانا بە زمان دەبەخشێ تاوەکو لەگەڵ ڕەوڕەوەی زانست و هونەر بەرەوپێش بچێ (طاهر، ٢٠١٤، ٢٠٢).

٣- بەهۆی فەرهەنگەوە دەتوانرێت هەموو دیالێکتو بەش و شێوەزارەکانی زمان کۆبکرێتەوە (عەزیز، ٢٠٠٥، ٤٨٩).

٤- ئاشکرا کردنی واتای وشە نادیار و لێڵەکان، چونکە هەندێ وشە هەیە لە زماندا واتاکانیان ڕوون نییە، یان زیاتر لە واتایەك دەبەخشن، بۆیە پێویستە واتاکانیان ڕوونبکرێتەوە (خۆشناو، ٢٠١٦، ٨٥).

٥- بەهۆی فەرهەنگەوە دەتوانین لە وشە و زاراوەی دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی و نەتەوەکانی تر بگەین (طاهر، ٢٠١٤، ٢٠٢).

٦- ڕێکخستنی ڕاستی و دروستی وشەکان، بەتایبەتی لەڕووی ڕێنووس و شێوازی نووسینی وشەکانەوە (تۆفیق، ٢٠٠٨، ١٩).

٧- زانینی مێژووی وشەکان و چۆنیەتی گەشەکردن و جیاوازی بەکارهێنانیان (خۆشناو، ٢٠١٦، ٨٦).

**١-٨. جۆرەکانی فەرهەنگ**

**١-٨-١. جۆرەکانی فەرهەنگ لەڕووی ڕوخسارەوە**

**١-٨-١-١. فەرهەنگی نەتەوەیی:** ئەم جۆرە فەرهەنگە تەنها وشە و زارازەکانی یەك زمان دەخاتە ڕوو، واتە ئەم جۆرە فەرهەنگە پەیوەست به زار و شێوەزارەکانی زمانێك، وەکو فەرهەنگی (کوردی - کوردی) و (فارسی – فارسی) .... نموونەی ئەوجۆرە فەرهەنگە لە زمانی کوردیدا وەکو فەرهەنکی (خاڵ)ی شێخ محەمەدی خاڵ (هەمان سەرچاوە، ٨٩).

**١-٨-١-٢. فەرهەنگی نەتەوەیی – بیانی:** ئەمجۆرە فەرهەنگە بە زمانی نەتەوەیی دەست پێدەکاتو بەرامبەرەکەشی بە یەکێ لە زمانەکانی نەتەوەکانی تر دەبێ (طاهر، ٢٠١٤، ٢٠٢). وەکو فەرهەنگی (کوردی – فارسی) و (کوردی – عەرەبی) ... نموونەی ئەوجۆرە فەرهەنگە وەکو فەرهەنگی (هەمبانە بۆرینە)ی هەژاری موکریانی.

**١-٨-١-٣. فەرهەنگی بیانی – نەتەوەیی:** ئەمجۆرە فەرهەنگە ڕیزبوونی وشەکانی بە زمانی بێگانە دەبێت، لەبەرامبەریدا وشە و زاراوەکانی زمانی نەتەوەیی دادەنرێت وەکو فەرهەنگی (عەرەبی - کوردی) و (فارسی – کوردی)

... نموونەی ئەوجۆرە فەرهەنگە وەکو فەرهەنگەکانی (دەریا) و (ژیر)ی ڕزگار کەریم، کە فەرهەنگی (عەرەبی – کوردی)ن. (خۆشناو، ٢٠١٦، ٩٢).

**١- ٨- ٢. جۆرەکانی فەرهەنگ لەڕووی ناوەڕۆکەوە**

**١- ٨- ٢- ١. فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیا:** ئەمجۆرە فەرهەنگە باسی زۆربەی لایەنەکانی ژیان دەکات، واتە تایبەت نییە بە دیاردەیەك لە دیاردەکانی ژیان، هەندێجار لەبری ئینسکلۆپیدیا (موسوعە) یان (دائیرەتولمەعارف) بەکاردەێنرێت، ئینسکلۆپیدیا ئەو سەرچاوەیەیە، کە زانیاری لەبارەی زانست و هونەر و ئەدەب فەلسەفە و شوێن ... تێدا تۆماردەکرێت (تۆفیق، ٢٠٠٨، ٢٠). نموونەی ئەوجۆرە فەرهەنگە لە زمانی کوردیدا وەکو (دائیرەتولمەعارف)ی خەسرەو جاف.

**١- ٨- ٢- ٢. فەرهەنگی ئیتمۆلۆژیا:** زاوەیەکە لە بواری زماندا بەکاردێتو زانستێکە لە ڕەگەز و بنچینەی وشەکانی زمان دەکۆڵێتەوە، بەو واتایەی ئەو بەشەیە لە زانستی وشە، کە لە پەیدابوون و وەرگرتن و گەشەکردنی وشەو ئەو دەورانەی پێیدا تێپەڕیوە دەدوێ (مارف، ١٩٧٥، ٢٠٧). نموونەی ئەوجۆرە فەرهەنگە وەکو (لێکسیکۆلۆژی زمانی کوردی) ئەوڕەحمانی حاجی مارف.

**١- ٨- ٢- ٣. فەرهەنگی پسپۆڕی:** ئەمجۆرە فەرهەنگە پسپۆڕییەك لە پسپۆڕییەکان دەگرێتەخۆ، واتە لایەنێکی تایبەتی، یان دیاردەیەك لە دیاردەکانی ژیان دەگرێتەخۆ، وەکو فەرهەنگی (زمانەوانی) و (ئابوری) و (ئەدەبی) ... نموونەی ئەوجۆرە فەرهەنگە وەکو (فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی) کەمال میراودەلی (خۆشناو، ٢٠١٦، ٩٦).

**١- ٨- ٢- ٤. فەرهەنگی فیلۆلۆژی:** ئەمجۆرە فەرهەنگە لە وشە دەکۆڵێتەوە، واتە بەشێوەیەکی سەرەکی گرنگی بە خودی وشە دەدرێو واتاکەی لێکدەدرێتەوەو حاڵەتی ڕێزمانیو سەرچاوەی پەیدابوونی نیشان دەدرێو چۆنیەتی بەکارهێنان و ڕۆڵی لە ڕستەدا نیشان دەدرێ (مارف، ١٩٧٥، ٦٩). نموونەی ئەوجۆرە فەرهەنگە وەکو (فەرهەنگی ئۆکسفۆردی قوتابی) دیار ئەحمەدە، کە وەری گێڕاوەو زۆر جوان وشەکانی لێکداوەتەوە.

**١- ٨- ٢- ٥. فەرهەنگی وێنەیی:** لەمجۆرە فەرهەنگەدا ئەو وشە بەرجەستانەی کە پابەندی بابەتێکی دیاریکراون، لەڕێگەی کۆمەڵە وێنەیەك ڕووندەکرێنەوە، دواتر ژمارە دەدرێتە هەر بەشێکی وردی وێنەکە، وشەی گونجاویش لەبەرامبەر هەر بەشێکی وێنەکان دادەنرێت، نموونەی ئەوجۆرە فەرهەنگە وەکو (فەرهەنگی وێنەداری گیانداران)ی کەمال جەلال غەریب (خۆشناو، ٢٠١٦، ٩٨).

**١- ٩. هاتنی زاراوە لە زمانی بێگانەوە بۆ زمانی کوردی**

دەربارەی چۆنیەتی هاتنی زاراوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر (مارف، ٢٠٠٥، ١٨٥) دەڵێ: ((پێویستە کە ئەوە لەیاد نەکەین، کە لەسەر ڕووی زەمیندا هیچ زمانێك نییە کە زمانی بێگانە کاری تێنەکردبێ، یاخود تەئسیری زمانی بێگانەی لەسەرنەبێ. هەروەها هیچ میللەتێك یاخود هەڵگری هیچ زمانێك بە ڕەهاییو بەشێوەیەکی تایبەتی و جیاواز دوور لە میللەتان ناژی)). هەروەها لەبارەی جێگیر بوون و جێگیر نەبوونی زاراوە دەڵێ: ((زاراوەیەك کە لە فەرهەنگێکی گەورەی زماندا تۆمارکرا، ئەوا وادەگەیەنێ کە ئەو زاراوەیە چەسپاوە و جێگەی خۆی گرتووە و کێشەی لەسەر نەماوە .... زاراوەیەکی نارێك کە دەکەوێتە نووسینەوە، دانانی چەندە گرانە، دەرهاویشتنی لە فەرهەنگ سەد ئەوەندە ئەرکی پتر دەوێ...)) (هەمان سەرچاوە، ١٨٧).

**١- ٩- ١. هاتنی زاراوە لەزمانە دراوسێکانەوە**

**١- ٩- ١- ١. هاتنی زاراوە لەزمانی عەرەبیەوە بۆ زمانی کوردی**

پەیوەندی نەتەوەکەمان بە نەتەوەی عەرەبەوە سەرەڕای دێرینی و کۆنی لەسەر بناغەیەکی ئایینی و ڕۆشنبیری و ڕامیاری و ئابووری و دراوسێی پتەو چەسپاوە، سەرەنجام، شوێنەواری ئەم پەیوەندییە لە زمانی کوردیدا زۆر قوڵ و فراوان و جۆربەجۆرە، بۆیە دەستنیشانکردنی ڕادەی ئەم شوێنەوارە دەبێ بزانی کە فەرهەنگی کوردەواریمان هەرچەندە لەمێژە وشەی (هەژار و زەوی و مێشکی) تۆمار کردووە، لە ئەدەبی کوردی دا وەك وشەی ڕەسەن بەکارهێنراون، بەڵام کۆمەڵانی خەڵك حەز بە بەکارهێنانی وشەی (فەقیر و ئەرز و عەقڵ) کە وشەی عەرەبین دەکەن و وشە کوردییەکان کە هەمان واتا دەگەیەنن بەکارناهێنن.

زاراوەی عەرەبی بەپێی چەند بناغەیەك هاتۆتە ناو زمانی کوردی:

١- وەرگرتنی زاراوەی عەرەبی بەبێ دەستکاری:

بەشێك لەو وشە عەرەبیانە ناوی ئەو شت و دیاردانەن کە لای کورد نەبوون و لەگەڵ هاتنیان بۆ ناو فەرهەنگی زمانی کوردی، ناوەکانیان لەگەڵ خۆیان هێناوە، بۆیە زۆربەیان لەلایەن خەڵکیەوە وەکو خۆیان بەبێ دەستکاری وەرگیراون، وەك:- (زەکات ، حەج ، شێخ ، عەبا ، زیکر ، غەفور ، ڕەحیم ، کەریم ، ڕەحمان ، ڕەمەزان ... هتد) .

٢- وەرگرتنی زاراوەی عەرەبی بەدەستکاریەوە:

ئەمەش ئەو وشەو زاراوە عەرەبیانە دەگرێتەوە کە کورد وەری گرتوون و خستونیەتە ژێر باری دەستورسازی زمانی کوردی و خۆماڵی کردوون، واتە ئەو وشە عەرەبیە وەرگیراوانەی بە کوردی کردوون، یەکێك لەو دەستکاریانەش لە ڕووی دەستکاریکردنی دەنگەوەیە، بۆنموونە، ئەگەر لەوشەیەکی عەرەبیدا دەنگێك هەبووبێ کە لەگەڵ یاسای فۆنەتیکی زمانی کوردیدا ڕێك نەکەوتبێ ئەوا گۆڕانێکی بەسەردا هێنراوە. ئەم دیاردەیە لەزمانی کوردیدا دەکرێت بە (بە کوردیکردنی زاراوە) ناوی ببەین. لەم بارەیەوە جەمال نەبەز دەڵێ: ((هەر وشەیەکی بێگانە هاتە ناو زمانی کوردی، دەبێ بخرێتە ژێر ڕکێفی دەستوری زمانەوانی کوردیەوە لە ڕووی مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی و ئۆرتۆگرافیەوە)). (نەبەز، ١٩٧٦، ٧٧). وە لەم بارەیەوە چەند نموونەیەك دەخەینە ڕوو:-

أ- گۆڕانی دەنگی ( ث ) بۆ دەنگی ( س ) :-

دەنگی ( ث ) کە لەسەر زمان ناخۆشە هەرچەندە ئەم دەنگە لە زمانە ئێرانیە کۆنەکاندا بەتایبەتی لە زمانی (ئاڤێستا)دا هەبووە، ئێستاش پاشماوەی لە هەورامیدا ماوە.

ئەم دەستورە بۆ وشەی عەرەبیش وایە، هەندێ دەنگی ( ث ) دەگۆڕێ بۆ دەنگی ( س )، وەك لەم وشانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ.

تمثیل تەمسیل

ثروە سەروەت

ب- گۆڕانی دەنگی (ص ) بۆ دەنگی ( س ) :-

عصر عەسر

صابر سابیر

ج- گۆڕانی دەنگی ( ض ) ، ( ظ ) ، ( ذ ) بۆ دەنگی ( ز ) :-

ارض ئەرز

| | |
|---|---|
| ظالم | زاڵم |
| اذاعه | ئیزاعه |

د- گۆڕانی دەنگی ( آ ) بۆ دەنگی ( حا ) یان ( عا ) :-

| | |
|---|---|
| الآن | ئەلحان ، ئەلعان |
| قورآن | قورعان |

٣- بەشێك لەو وشە عەرەبیانەی کە هاتوونەتە ناو زمانی کوردی، بۆ هەمان مانا وشەی کوردی ڕەسەن هەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هاتونەتە ناو زمانی کوردیەوە، وەك: (فەقیر ، ئەرز ، فکر ، عیلاج ، عەقڵ ، دەماغ ، فەقەرە ،.... هتد، کە لە زمانی کوردیدا، (هەژار ، زەوی ، بیر (هزر) ، چارە ، هۆش ، مێشك ، بڕبڕە ، ..... هتد) هەیە. بڕوانە:- (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٧ ، ١٤٧).

٤- زۆربەی ئەو وشە عەرەبیانەی کە ناوی مرۆڤن هاتوونەتە ناو زمانی کوردی، وە بەپێی دەنگسازی کوردی گۆدەکرێن و بەپێی ڕێنووسی کوردی دەنووسرێن، وەك:-

| ~~عەرەبی~~ | ~~کوردی~~ |
|---|---|
| عثمان | عوسمان |
| امینه | ئامینه |

**١- ٩- ١- ٢. هاتنی زاراوە لە زمانی فارسیەوە بۆ زمانی کوردی**

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە لە زمانناسیدا ئەوە یەکلایی کراوەتەوە، زمانی کوردی ئەمڕۆ، بە یەکێك لە زمانەکانی هیندۆئەوروپی دادەنرێ. لە هەمان کاتیشدا، لە بنەماڵەی زمانەکانی هیندۆئێرانی و لە خێزانە زمانی (ئێرانی) جیا ناکرێتەوە. لەگەڵ زمانی فارسیشدا، خزمایەتیەکی نزیکی هەیە. بۆیە ئێمە ناتوانین بڕیار لەسەر ئەوە بدەین کە ئەو وشانەی ئەمڕۆ لە نێوان زمانی کوردی و فارسیدا هاوبەشن، بڵێین کوردین یان فارسین، وەك: (ئەنجام ، ئامانج ، ئارەزوو ، ئاین ، بەخت ، ئاهەنگ ، بەند ، بەستە ، تەندروست ، بار ، تەنگانە ، ڕاستە ، سەنگ ، سوپا ، پەیمان ، ترومپا ، پیشە ...... هتد). (هەمان سەرچاوە، ١٥٠).

لە نێوان ئەو وشە دراوسێیانەی کە کەوتوونەتە ناو زمانی کوردیەوە بەشێکیان فارسین، کە لەگەڵ زمانی کوردیدا لە یەك خێزانی زمانین، هۆی پەیدابوون و پتەوبوونی ئەو وشانەش لە زمانی کوردیدا، ئەم مێژووە دوور و درێژەیە، کە ئەم دوو میللەتە لە تێکەڵاویدا هەیانبووە بەوێنە وشەی (سروشت) ، (نمایش) ، (وەرزش) ، (نایاب) ، (ئەندێشە) ..... هتد. (هەمان سەرچاوە، ١٤٩).

**١- ٩- ١- ٣. هاتنی زاراوە لە زمانی تورکی بۆ زمانی کوردی:**

((هەروەك چۆن لە ئەنجامی تێکەڵاوی و دراوسێیەتی کورد لەگەڵ فارس و عەرەب، ژمارەیەك وشەی فارسی و عەرەبی کەوتونەتە ناو زمانی کوردی، هەر لەو ڕێگەیەشەوە گەلێك وشەی تورکی هاتونەتە زمانی کوردیەوە، وەك: (قەرەباڵغ) ، (قاتر) ، (چوخم) ، (یاپراخ) ... هتد)) . (هەمان سەرچاوە).

جگە لە هاوسێیەتی کورد و تورك، تورکەکان بۆ ماوەی چەندین سەدە بە ناوی ئیسلامەوە دەوڵەتی عوسمانیان دامەزراندووە و کوردستانیش بۆماوەیەکی زۆر لەژێر حوکمڕانی ئەواندا بووە، بۆیە وشەی تورکی زۆر لە زمانی کوردیدا دەبینرێ، وەك ( قەرەداغ ، قوشتەپە ، قەرەناو ، قەرەهەنجیر ، گربداخ ، .... ) هتد .

**١- ٩- ٢. هاتنی زاراوەی جیهانی بۆناو زمانی کوردی**

لە زانستی زاراوەسازی کوردیدا لە کۆنەوە کێشەیەکی زمانی دەربارەی هاتنی ئەو زاراوە جیهانیانە بەرپابووە ، کە ئەم کێشەیە لەچەند پرسیارێکی گرنگدا خۆی دەنوێنێ: کە دەپرسن ئایا بوونی ئەو زاراوە جیهانیانە لە زمانی کوردیدا پێویستە؟ ئەگەر هاتوو پێویست بوو تا چ کاتێك هەر دەبێ بمێنێتەوە، ئایا مانەویان هەمیشەیی یە یان سەردەمی و قۆناغی یە؟ بۆ کۆتایی هێنان بەم کێشەیە و وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە بەجۆرێکی زانستی دەبێ بەر لە هەموو شتێك بزانین پێناسەی زاراوەی جیهانی چییەو هۆی بوونی نەك هەر لە زمانی کوردیدا و بەس بەڵکو لە زۆربەی زمانە جیهانیەکاندا چییەو لە چییەوە هاتووە؟ کەواتە: ((زاراوەی جیهانی لە فەرهەنگی نەتەوە پێشکەوتووەکان و (ئینسکلۆپیدیە)ی جیهانیدا بەوە پێناسەکراوە، کە واژەیەکە ئەمرۆ لەلایەن نەتەوە پێشکەوتوەکانەوە، بۆ یەك واتای زمانی و تاکە مەبەستێکی شارستانی و یاخود ڕۆشنبیری و دەربڕینی ئەرکێکی یەکگرتوو بەکاردەهێنرێ)). (بەسیر، ١٩٧٩، ١١٥). وەك:

زاراوەی (تەلەفۆن) لە هەموو جیهانداو لە نێوان نەتەوەکانی ئەم سەر زەمینە بۆگەیاندنی واتاو مەبەست و ئەرکێکی تایبەتی بەکارهێنراوەو هەر ئادەمیزادێك لە ژیانی کە بیستبێتی یەکسەر لێی تێدەگاو دەزانێ ئەم زاراوەیە ناوێکە بۆ ئامێرێکی تایبەتی جیهانی کە خەڵکی لە پێناوی پەیوەندی کردنیاندا بەهۆی گفت و گۆوە بەکاری دەهێنن .

لێرەدا چەند نموونەیەکی تر لە زاراوەی جیهانی دەخەینە ڕوو، کە زمانی کوردی و زۆربەی زمانەکانی تردا، بڵاوبونەتەوە، وەك:

(کۆمپیوتەر ، سەتەلایت ، ڕادیۆ ، ئۆکسجین ، نایترۆجین ، سینەما ، سایکۆلۆژی ، پڕاگماتیزم ، دیبلۆماسی ، فەیلەسوف ، مایکرۆسۆفت ، پایسکیل ، تەلەفیزیۆن ، ئەکتەر ، سەماوەر ،... هتد).

((بڵاوبوونەوەی ئەم وشانە بەمشێوە بەرفراوانە، بەهۆی پێشکەوتنی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەوە بوو، کە بە ئاسانی یاریدەی هەڵقوڵینی زانیاریەکانی دا. ئەگەر ئەم زاراوە زانیاریانە پێشتر لەلایەن کۆمەڵێکی تایبەت لە زاناو ئەکادیمیا پسپۆڕەکانی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان بڵاو بوونەتەوە، وا ئێستا لە ناو کۆمەڵگا خێڵەکیە دواکەوتووەکانیشدا بڵاو بوونەتەوە. لەلایەکی دیکەوە لە نێو کەرت و چینە جیاوازەکانی یەك کۆمەڵگەدا، لەم ڕووەوە کە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندی زانیاری نوێ سامانێکی گۆکردنی نوێ دەبەخشێتە خەڵکی، بە تایبەتی نەوە نوێکان، کە زۆر جیاوازە لەوەی نەوەکانی پێشتر، لە ڕێی ئامڕازە سادەکانەوە بۆیان ماوەتەوە، هاتنەناوەوەی ئەو وشەو زاراوەو دەربڕینانە و ئەو بیرۆکەو چەمکانەی پێیانەوە بەندن، بە هۆی دەوڵەمەندبوونی ئەو زمانانە دادەنرێت، کە وەری دەگرێت و دەیخاتە نێو فەرهەنگی زمانەکەیەوە)). (عەبدوڵلا، ٢٠٠٧، ١٥١).

**بەشی دووەم**

## ۲. ڕێگاکانی دروستکردنی زاراوە لە زمانی کوردیدا

دانان و سازکردنی زاراوەی نوێ دەبێ بە هۆی یەکێك لەو ڕێگا زانستیانەوە بێت، کە لە زانستی زاراوەسازیدا ڕەچاوکران. لێرەدا قۆناغەکانی دانان و سازکردنی زاراوە دەخەینە ڕوو، کە بەهۆی یەکێك لەم ڕێگایانەی خوارەوەو، چەند ڕێگایەکی تر ئەنجام دەدرێ:

### ۲- ۱. ڕێگای وەرگرتنی زاراوە

هەمووزمانەکان لە جیهاندا پەنا دەبەنە بەر وەرگرتنی زاراوە لە زمانەکانی دیکەو بەهۆیەوە پێویستییەکانی فەرهەنگی زمانەکانیان دەستەبەر دەکەن. ڕێبازی وەرگرتنی زاراوە بۆ دانان و سازکردنی زاراوە لە هەموو زمانێکی پێشکەوتوودا کارێکی ڕەوایەو زۆربەی زاناکان لە سەری کۆکن هیچ زاناو زمانەوانێك نکۆڵی لەوە ناکا کە ئەم کارە لە چاخەکانی کۆن و نوێ دا ڕوویداوە.

زمانی کوردی دەیان وشەو زاراوەی لە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی و ئینگلیزی وەرگرتووەو بە مەبەستی دەربڕینی هەست و ناونانی کەولوپەلی داهێنراو بەکاری هێناون (بەسیر، ۱۹۷۹، ٤٨).

هەر وشەیەکی بێگانە هاتە ناو زمانی کوردییەوە، دەبێ بخرێتە ژێر ڕکێفی دەستوری زمانەوانی کوردییەوە (نەبەز، ۱۹۷٦، ٧٧)

زۆربەی کات وەرگرتنی زاراوە لەبەر پێویستییە، ئەو کەسانەی کە جگە لە زمانی دایك زمانی دیکەش فێر دەبن، هەندێجار زاراوەی ئەو زمانە بەکاردێنن، بۆیە لە وانەیە گۆڕان لە شێوەی زمانەکەیدا ڕووبدات و تێکەڵ بە زمانە ڕەسەنەکەی خۆی بکات.

هەندێجار ((گۆڕانی زمان دەگەڕێتەوە بۆ کاری دوو زمان یان زیاتر لە سەر یەکتری. ئەوانەی کە فێری زمانەکانی بێگانە دەبن دیارە بەر لەمەش زمانی دایکی خۆیان دەزانن. ئینجا زمانی دووەم بە تەواوی فێرنابن یان زمانەکەی خۆیان بەتەواوی دەگۆڕێت)) (فتاح، ۱۹۹۰، ۱۰٤).

(هەرکەسێ زمانی کوردی بزانێ، بێ ئەوەی ئەرکێکی ئەوتۆ بکێشێ، دەتوانێ وشەی نوێی وەها ناوبنێ، کە لەم سەردەمەی ئێمەدا پەیدابوون. لەم قۆناغەدا کە ژیانی ڕوناکبیری و زانستی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی .... ی میللەتی کورد لە برەودایەو تێکڕای جیهان لە پێشکەوتندایە، بێگومان زمان پێویستی بە وشەی نوێ دەبێ و ڕۆژبەڕۆژ وشەی نوێ پەیدادەبێ) (مارف، ۲۰۰۰، ٤).

زمانی کوردی یەکێکە لەوزمانانەی کە بەردەوام وشەی نوێی دێتە ناوەوەو لە کاروباری ڕۆژانەدا بەکاردەهێنرێت، چونکە زمان بەهۆی ئەو پێشکەوتنە بەردەوامەی کە تیایدا ڕوودەدات پێویستی بە وشەو زاراوەی نوێ هەیە تاوەکو فەرهەنگی زمانەکەی پێ دەوڵەمەند بکرێ، بۆنموونە:

وەرگرتنی وشەی عەرەبی: (حەج ، زەکات ، دەوڵەت ، قەڵەم ، شێخ ...).

وەرگرتنی وشەی فارسی: (نایاب ، نمایش ، ئەندێشە ، سروشت ، وەرزش ...).

وەرگرتنی وشەی تورکی: (یاپراغ ، دۆشەك ، قەرەباڵغ ، پەرداغ ، دۆندرمە ...).

وەرگرتنی وشەی ئینگلیزی: (پۆزەتیف ، نێگەتیف ، ئەلتەرناتیف، فلیم، فرێزەر ...).

وەرگرتنی وشەی فەڕەنسی: (پاسپۆرت ، ساڵۆن ، کۆبۆن ، گڵۆپ ، بۆفیە ...).

وەرگرتنی وشەی ئیتالی: (کارتۆن ، گازینیۆ ، پیانۆ ، پانتۆڵ ، نمرە ...). (بەناز، ۲۰۰۸، ۷۳).

کەواتە وەرگرتنی زاراوە لە هەموو زمانێك کارێکی ڕەوا و ڕێگە پێدراوە، زۆربەی زمانەوانان لەسەر وەرگرتنی وشە و زاراوە هاوڕان (خۆشناو، ٢٠١٦، ١٠٨).

## ٢-٢. ڕێگای لێکدان

زمانی کوردی زمانێکی پێکەوە لکاوەو وشەو دەبڕینەکانی سادە و لێکدراون، ئەم تایبەتیەی زمانی کوردی بەوە چەسپیوە کە بەهۆی ڕێبازی لێکدانەوە زۆربەی ناو و کارەکان لەسەر بنچینەی دوو وشەی واتادار یان زیاتر لە فەرهەنگی کوردی دا پەیدابوون و وەکو وشەیەکی خاوەن واتایەکی سەربەخۆ خۆیان چەسپاندووە (عەبدول، ٢٠٠١، ١٦). ((زمانەکەمان وەك زۆربەی زمانە ئارییەکان، لێکدراوی زۆر تێدایە....)). (حەسەن، ١٩٧٥، ٣٢). زمانی کوردی بەهۆی (ڕێگای لێکدان)ەوە یاساکانی پێکهاتنی زۆربەی بەشە ئاخاوتنەکان دەگرێتە خۆ، وەکو (ناوی لێکدراو ، ئاوەڵناوی لێکدراو ، کاری لێکدراو ، ئاوەڵکاری لێکدراو ، ژمارەی لێکدراو) (خۆشناو، ٢٠١٦، ١٢٢). ئەگەر بمانەوێت لە زمانی کوردی دا زاراوەی لێکدراو دروست بکەین بە یەکێك لەم ڕێگایانەی خوارەوە سازی دەکەین:

ڕێگای لێکدانی دوو ناوی سادە ، وەك :

دار + گوێز          دارگوێز.

دار + بەڕوو          داربەڕوو.

ڕێگای لێکدانی دوو ناوی سادە بەیارمەتی یەکێك لەم ئامرازانە:

أ – بەیارمەتی بزوێنی کورت، وەك:

بەرد + ە + نوێژ ⟵ بەردەنوێژ.

بەرد + ە + باز ⟵ بەردەباز.

ب – بەیارمەتی ( و ) ، وەك :-

لەرز + و + تا ⟵ لەرزوتا.

تاریك + و + ڕوون ⟵ تاریکوڕوون.

ج- بەیارمەتی ( بە ) ، وەك :-

سەر + بە + گۆبەند ⟵ سەربەگۆبەند.

گوڵ + بە + دەم ⟵ گوڵ بە دەم.

ڕێگانی لێکدانی ناوێکی سادەو ئاوەڵناوێك بە یارمەتی ئامڕازی ( ە ) ، وەك:

کێل + ە + شین ⟵ کێلەشین.

شاخ + ە + ڕەش ⟵ شاخە ڕەش.

ڕێگانی لێکدانی ئاوەڵناوێك و ناوێك، وەك:

ڕەش + ماڵ ⟵ ڕەشماڵ.

زمان + پاراو ⟵ زمانپاراو.

ڕێگای لێکدانی ئاوەڵناوێك و ناوێکی سادە، بەیارمەتی یەکێك لەم ئامڕازانە:

أ – ( ە ) ، وەك :-

ڕەش + ە + با ⟵ ڕەشە با.

ڕەش + ە + وڵاخ ⟵ ڕەشەوڵاخ
ب – ( و ) ، وەك :-
ئاڵ + و + گۆڕ ⟵ ئاڵ و گۆڕ.
ڕەش + و ڕووت ⟵ ڕەش و ڕووت.
ڕێگای لێکدانی ناوێکی سادە و ڕەگی کردار، وەك:
پیاو + کوژ ⟵ پیاوکوژ.
پیلان + گێڕ ⟵ پیلان گێڕ.
ڕێگای لێکدانی ناوێکی سادەو قەدی چاوگ، بەیارمەتی ئامرازی ( و ) ، وەك:
دەست + و + برد ⟵ دەست و برد.
ڕێگای لێکدانی ئاوەڵناوێك و ڕەگی کردار، بە یارمەتی ئامڕازی پەیوەندی ( ە ) ، وەك:
کۆن + ە + فرۆش ⟵ کۆنەفرۆش.
ڕێگای لێکدانی ئاوەڵکردارێك و ناوێکی سادە، وەك:
بەر + بانگ ⟵ بەربانگ.
پێش + نیاز ⟵ پێشنیاز.
ڕێگای لێکدانی دووبارەکردنەوەی ناوێك، بە یارمەتی ئامڕازی ( ە ) ، وەك:
چۆڕ + ە + چۆڕ ⟵ چۆڕەچۆڕ.
بۆڕ + ە + بۆڕ ⟵ بۆڕبۆڕ.

### ٢-٣. ڕێگای داتاشینی زاراوە

ڕێگایەکە بۆ دروستکردنی وشە و زاراوەی نوێباو، لە دوو وشەی سادە پاش قرتاندنی دەنگێك یان چەند دەنگێك، بەکاردێت (بەسیر، ١٩٧٩، ٦٩). واتە دروستکردنی وشەیەك لە دوو وشەی سەربەخۆ یان زیاتر، بەمەرجێك هاوئاهەنگی لە بێژە و واتای نێوان وشە داتاشراوەکەو هەردوو وشە لێداتراشاوەکان هەبێت (القاسمی، ١٩٨٥، ١٠٢)، وەك:

(وشکـــــاوی) لە هەردوو وشەی ( وشك + ئاو ) داتاشراوە. (وەسمان، ٢٠٠٤، ٦٠).
(ماستاو) لە هەردوو وشەی ( ماست + ئاو ) داتاشراوە.
(خورمژ) لە هەردوو وشەی (خورما + مێوژ) داتاشراوە.
(زانـــــکۆ) ( لە هەردوو وشەی زانین + کۆکردنەوە ) داتاشراوە .
(گاسن) لە هەردوو وشەی (گا - ئاسن) داتاشراوە. (بەسیر، ١٩٧٩، ٧٠).
(ڕێـــــنووس) لە هەردوو وشەی (ڕێگە + نووسین ) داتاشراوە. (خۆشناو، ٢٠١٦، ١٢٣).
(تامـــەزرۆ) لە هەردوو وشەی (تام + ئارەزوو) داتاشراوە. (ناخۆش و خۆشناو، ٢٠٠٩، ٤٣٦).

کەواتە ڕێگای داتاشینی زاراوە هەروەکو لەم نموونانەو دەیان نموونەی تری هاوشێوە دەردەکەوێ پێویستییەکی ژیانییە لە نەریتی سوککردنی وشەی درێژو لەسەر زمان قورس هەڵقولاوە و خۆی سەپاندووە.

## ٢- ٤. ڕێگای داڕشتنی زاراوە

ئەم ڕێگایە بریتییە لە داڕشتنی وشەیەك لە وشەیەکی تر، بەمەرجێك گونجان لەنێوانیاندا هەبێت (عەبدول، ٢٠٠٨، ٧١). لێرەدا دەتوانین چەندان وشەی نوێباو بەهۆی پێشگر و پاشگرەکانەوە دروست بکەین، کە واتاکانیان لەگەڵ واتای وشە سەرەکییەکان جیاواز دەبێت (خۆشناو، ٢٠١٦، ١٢٤). کەواتە لەڕێگای داڕشتندا دەکرێ بێژەیەك لە بێژەیەکی تر دابرێژرێت، بەمەرجێك هەماهەنگی و گونجان لەنێوان بێژە و واتاکەدا هەبێت (وەسمان، ٢٠٠٤، ٥٩). بەمشێوەیەی خوارەوە دەتوانین لە زمانی کوردیدا زاراوە دابرێژین:

ڕێگای داڕشتنی ناوێکی سادە + پاشگر:

١- ناوێکی سادە و پاشگری ( ا ) ، وەك:

دار + ا ←—— دارا.

٢- ناوێکی سادە و پاشگری ( دار ) ، وەك:

دوکان + دار ←—— دوکاندار.

٣- ناوێکی سادە و پاشگری ( ساز ) ، وەك:

دان + ساز ←—— دانساز.

٤- ناوێکی سادە و پاشگری ( ەوان ) ، وەك:

باخ + ەوان ←—— باخەوان.

٥- ناوێکی سادە و پاشگری ( باز ) وەك:

چاو + باز ←—— چاوباز.

٦- ناوێکی سادە و پاشگری ( بەند ) ، وەك:

ناڵا + بەند ←—— ناڵبەند.

٧- ناوێکی سادە و پاشگری ( مەند ) ، وەك:

هونەر + مەند ←—— هونەرمەند.

٨- ناوێکی سادە و پاشگری ( ایەتی ) ، وەك:

دۆست + ایەتی ←—— دۆستایەتی.

٩- ناوێکی سادە و پاشگری ( خانە ) وەك:

کتێب + خانە ←—— کتێبخانە.

١٠- ناوێکی سادە و پاشگری ( دان ) وەك:

گوڵ + دان ←—— گوڵدان.

ڕێگای داڕشتنی ئاوەڵناوێکی سادە + پاشگر:

١- ئاوەڵناوێکی سادە + پاشگری ( ی ) ، وەك:

بەرز + ی ←—— بەرزی .

٢- ئاوەڵناوێك سادە + ( ەتی ) ، وەك :-

سپی + ەتی ←—— سپی یەتی .

٣- ئاوەڵناوێکی سادە و پاشگری ( ۆکە ) ، وەك:

( شێت + ۆکە ⟵ شێتۆکە ) . (ئەمین، ١٩٦٠، ١٤).

٤- ئاوەڵناوێکی سادە + پاشگری ( ایی ) ، وەك:

قوڵ + ایی ⟵ قوڵایی .

٥- ئاوەڵناوێکی سادە + پاشگری ( ەڵان ) ، وەك:

سەوز + ەڵان ⟵ سەوزەڵان.

٦- ئاوەڵناوێکی سادە + ( ەمەنی ) ، وەك:

سارد + ەمەنی ⟵ ساردەمەنی.

ڕێگای داڕشتنی پێشگر + ناوێکی سادە:

بێ + کار ⟵ بێکار.

هاو + سەر ⟵ هاوسەر . (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٧، ٧٩).

ڕێگای داڕشتنی پێشگر + ئاوەڵناوێکی سادە:

نە + خۆش ⟵ نەخۆش .

ئەم جۆرە وشانە لە وشەسازی کوردیدا بە ناوی وشەی داڕێژراو ناو دەبرێن (بەسیر، ١٩٧٩، ٧١).

### ٢- ٥. ڕێگای وەرگێڕانی زاراوە

گرنگترین ڕێگای دروستکردن و هاتنە ئارای وشەیە، کە بەهۆیەوە وشەیەك لە زمانێکی ترەوە وەردەگێردرێتە سەر زمانێکی تر (ناوخۆش و خۆشناو، ٢٠٠٩، ٤٣٧).

وەرگێڕان:- ((واتە گواستنەوەی زاراوەی بیانی بۆ زمانی کوردی بە واتاکەی نەك بەبێژەکەی، وەرگێڕ لە زمانی کوردیدا بەدوای بێژەی بەرامبەر ئەو چەمك و واتایەدا دەگەڕێت کە هەمان واتای زاراوەی بیانی بدات یان کورد چ ناوێك لەم چەمك و وشە دەنێت کە زاراوە بیانیەکەی بۆ دانراوە، دوای ئەوەی دەیدۆزێتەوە بە پلەی گونجان و نەگونجانی لەگەڵ چەمکە بیانیەکە لە هەموو لایەنێکەوە دەکۆڵێتەوە ئینجا بەکاری دێنێت)). (وەسمان، ٢٠٠٤، ٦٠).

دەبێ ئێمە ئەو ڕاستیە لە بەرچاوبگرین، کە هەموو فەرهەنگی زاراوەی نەتەوەکەمان بە زمانێکی کوردی پەتی بێ و دووربێ لە وشەی بێگانە هەروەها نابێ سڵ لە وەرگرتنی زاراوەی بێگانە بکەینەوە، چونکە هیچ زمانێك نییە لە جیهاندا بەتایبەتی لەم سەردەمەدا لە چوارچێوەی قاڵبێکی تەسکی تەنیای خۆماڵیدا گەشە بکات و بەرەو پێش بڕوات. (بەسیر، ١٩٧٩، ٨٩).

وەرگێڕان زۆر گرنگەو پێویستە لە کاتی وەرگێڕان دوور بکەوینەوە لە وەرگێڕانی وشە بە وشە (خۆشناو، ٢٠١٦، ١٢٦).

پێویستە لە وەرگێڕانی زاراوە بۆ سەر زمانی کوردی چەند بناغەیەك پەیڕەو بکرێت:

١. بوژانەوەی زاراوەی دێرین: ئەگەر بێت و لە فەرهەنگەکەماندا زاراوەیەکمان هەبوو نزیك بوو لە زاراوە وەرگیراوەکە، ئەوا دەبێ ئەو زاراوە کوردییە ببوژێنرێتەوە و پەنا نەبەینە بەر زاراوە بیانییەکە. بۆنموونە: (السرطان)ی عەرەبی هیچ پێویست ناکات زاراوەیەکی تازەی بەهۆی یەکێك لە ڕێبازەکانی دانان و سازکردن بەرامبەر قوت بکەینەوە، بەڵکو دەبێ وشەی (شێرپەنجە)ی دێرینمان ببوژێنینەوە و لەبری ئەو زاراوە عەرەبیە بەکاری بهێنین.

٢. خۆ دوورخستنەوە لە وەرگێڕانی وشە بە وشە: ئەگەر بێت و بمانەوێت زاراوەیەك بەرامبەر بە زاراوەیەکی بێگانە دابنێین، دەبێ دووربکەوینەوە لە وەرگێڕانی وشە بە وشە، بۆنموونە: بەرامبەر زاراوەی (الحجر الصح)ی عەرەبی

زاراوەی (کەرەنتینە) لە بواری تەندروستیدا بەسەر زمانمانەوەیە و لە فەرهەنگی کوردیدا چەسپاوە، ئیتر نابێ خۆمان بە وشەی (الحجر الصح)یەوە خەریك بکەین و وشە بە وشە پیتی بۆ داتاشین و لەکەداری بکەین. (بەسیر، ١٩٧٩، ٩٣).

٣. وردبوونەوە لە واتای زاراوە وەرگیراوەکە: لەکاتی وەرگرتنی زاراوەدا پێویستە بە تەواوی لە واتای ئەو زاراوە وەرگیراوە وردبینەوە، لێرەدا زاراوەی (خۆپیشاندان) وەردەگرین کە بەرامبەر بە زاراوەی (المظاهره)ی عەرەبی یە، کە بەهۆی ڕێگای وەرگێڕانەوە دروستکراوە، ئەوەی زاراوەی خۆپیشاندانی دروستکردووە، وایزانیوە (المظاهره) لە چاوگی (الظهور)ەی عەرەبی وەرگیراوە، بەڵام لە ڕاستی دا وانییە، چونکە وشەی (المظاهره) چاوگی کرداری چوار پیتی عەرەببیە و هیچ پەیوەندییەکی بە (خۆدەرخستن) یان (خۆپیشاندان)ەوە نییە.

٤. خۆنەبەستنەوە بە دیاردەی زاراوە هاو واتاییەکان: ئەوەی لە زمانی عەرەبیدا شارەزابێت لە چۆنیەتی گەشەکردن و یەکگرتنی زاراوەکانی ئاگاداربێت بزانێت چۆن گەیشتۆتە پلەی ڕەوانی و یەکێتی کە بە پلەی (اللغة الفصحی) ناو دەبرێ و زانستایانە هۆکانی دیاردە، واتە (الترادف) هاوواتای کۆمەڵێکی زۆر لە وشەو زاراوەکانی ئەم زمانەی لەلا ڕوون و ئاشکرابێت، باش دەزانێ کە ئەم دیاردەیە تایبەتە بە زمانی عەرەبی و نابێ لە زمانی کوردیدا لاسای بکرێتەوە .

٥. وەرگێڕانی زاراوە بەگوێرەی پێویست: دانانی زاراوە لە هەموو زمانێکدا سەرەنجامی پێویستییەکی تایبەتییە لە زمانە ڕەسەنەکەیدا و خەڵکی ئەو زمانە لە قۆناغێکی دیاریکراودا و لەبەر هۆیەکی کاریگەر سازیان کردووە و دایانناوە. وەرگێڕی کوردی سەرەڕای ئەوەی کە دەزانێت ئەم چەشنە وشەیە لە زمانەکەیدا نەهاتووە و نایەت دەستکردانە وەرگێڕاوە بە زاراوەی (ناوی کار). (هەمان سەرچاوە، ٢١٦).

لەمەوە دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە ((وەرگێڕان، هۆیەکە بۆ دەوڵەمەندکردنی زمان و پەرە پێدانی و هاوچەرخایەتی کردنی، چونکە وەرگێڕان پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت، کە بەدوای وشەو زاراوەی نوێ و بۆچوونی نوێ بگەڕێ)). (مەعروف، ٢٠٠٣، ١٢٢).

**ئەنجام**

١- هەر زمانێك فەرهەنگی تایبەت بەخۆی هەیە، بۆناولێنانی شت و دیاردەکانی دەوروبەر، فەرهەنگی سەرەکی هەموو زمانەکان وەکو یەك نییەو جیاوازن لە یەکتری، تەنانەت ئەو زمانانەی کەسەر بەیەك ڕەچەڵەکیشن.

٢- وەرگرتنی زاراوە لە هەموو زمانێك کارێکی ڕەوا و ڕێگە پێدراوە، زۆربەی زمانەوانان لەسەر وەرگرتنی وشە و زاراوە هاوڕان.

٣- زۆربەی زاراوە جیهانییەکان بنجێکی لاتینی و ڕۆمانی کۆنیان هەیە.

٤- وەرگرتنی زاراوە زۆربەی کات لەبەر پێویستییە، یان دەگەڕێتەوە بۆ ڕادەی سەرسام بوون و کاریگەری بەو زمانانەی کە زاراوەی لێوەردەگیرێت بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە جگە لە زمانی دایك زمانی دیکە فێر دەبن.

٥- زۆربەی ئەو زاراوانەی لە زمانی کوردیدا هەن، لە ڕێگای وەرگرتن و وەرگێڕانەوە چەسپاون لەزمانی کوردیدا.

## سەرچاوەکان


### ١- کوردی

**أ- کتێب:**

١- مارف، ئەورەحمان حاجی. (١٩٧٥) لێکسیکۆلۆژی زمانی کوردی. کۆڕی زانیاری کورد. بەغدا.

٢- مارف، ئەورەحمان حاجی. (٢٠٠٠) زمانی کوردی و خەوشی هەندێ وشەو زاراوەی کوردی. بەشی یەکەم. بەغدا.

٣- مارف، ئەورەحمان حاجی. (٢٠٠٥) بەرهەمە زمانەوانیەکانم. بەرگی سێیەم. سلێمانی.

٤- عەبدول، جەمال. (٢٠٠١) بەرکۆڵێکی زانستی زاراوەسازی کوردی. چاپی یەکەم. سلێمانی. چاپخانەی قەشەنگ.

٥- نەبەز، جەمال. (١٩٧٦) زمانی یەکگرتووی کوردی. ئەڵمانیا. شاری بامبێرگ.

٦- عەبدوڵلا، ڕۆژان نوری. (٢٠٠٧) فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی. چاپی یەکەم. سلێمانی.

٧- ناخۆش و خۆشناو، سەلام و نەریمان. (٢٠٠٩) زمانەوانی. بەرگەکانی (١ و ٢ و ٣). چاپی یەکەم. هەولێر. چاپخانەی منارە.

٨- خاڵ، شیخ محەمەدی. (١٩٦٤) فەرهەنگی خاڵ. بەشی دووەم. سلێمانی. چاپخانەی کامەران.

طاهر، شهاب طیب. (٢٠١٤)، دەربارەی زمانەوانی. چاپی یەکەم. هەولێر.

٩- بەسیر، کامل حەسەن. (١٩٧٩) زاراوەی کوردی. سلێمانی. چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.

١٠- مەعروف، کەمال. (٢٠٠٣) ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی. چاپی یەکەم. سلێمانی.

١١- فەتاح، محەمەد مەعروف. (١٩٩٠) زمانەوانی. زانکۆی سەلاحەدین. هەولێر.

١٢- وەسمان، محەمەد. (٢٠٠٤) گیروگرفتەکانی زاراوە دانان لە زمانی کوردیدا. هەولێر.

١٣- خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا. (٢٠١٦) زمانەوانی کارەکی. بەرگی دووەم. چاپی یەکەم. هەولێر. چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

١٤- ئەمین، نوری عەلی. (١٩٦٠) ڕێزمانی کوردی. بەشی یەکەم. سلێمانی. چاپخانەی کامەران.

**ب- نامەی ئەکادیمی:**

١٥- تۆفیق، بەناز ڕەفیق. (٢٠٠٨) ڕێگە بنەڕەتییەکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردی لە دیالێکتی خوارووودا. نامەی ماستەر. بەغدا. زانکۆی بەغدا.

**پ- گۆڤار:**

١٦- حەسەن، ئەحمەد. (١٩٧٥) پێشگر و پاشگر. گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد. بەغدا.

١٧- ئەنجومەنی کۆڕ. (١٩٧٥) لیستەی چوارەمی زاراوەکانی کۆڕ. گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد. بەرگی سێیەم. بەشی یەکەم. بەغدا.

١٨- بابان، جەمال. (١٩٧٥) گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد. بەرگی سێیەم. بەشی یەکەم. بەغدا.

١٩- بەسیر، کامل حەسەن. (١٩٨٦) گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ. ژمارە ( ١١١ ). بەغدا.

٢٠- وەسمان، محەمەد. (٢٠٠١) بەرەو فەرهەنگی پزیشکی یەکخراو. ژمارە ( ١٨ ). هەولێر.

**٢- عەرەبی**

**أ- کتێب:**

٢١- القاسمی، علی. (١٩٨٥) مقدمة فی علم المصطلح. بغدا.

٢٢- الخولی، محمد علی. (١٩٨٦) معجم العلم اللغة التطبیقی. الطبعة الاولی.، مکتبة لبنان.

**ب- گۆڤار:**

٢٣- القحطانی، سعد. (٢٠٠٣) قضایا فی المصطلح العربی. العدد ( ٣٠٩ ). الاردن. مجلة الفیصل.

**Abstract**

'Word', or more strictly 'term', is the building block of developing and even giving birth to a language. It is a means by which different ideas and opinions are unified in different areas of human life. We, as the Kurdish, have not seen developments in terminology; therefore, we have to focus on terminology and develop our language so that we shall enrich the language. The purpose behind choosing this topic is to fill in a gap in the area of terminology in Kurdish and indicate the problems.

This study is, in addition to the introduction and the conclusion, composed of two chapters.
The first chapter includes the following:
-A historical background of terminology
-A historical background of terminology in Kurdish
-The definition of 'terminology'
-The definition of 'term'
- Identity of dictionary.
- Benefits of dictionary.
- Sorts of dictionary.
-Borrowing words from other languages to Kurdish
A-Borrowing words from neighboring languages to Kurdish
1-Borrowing words from Arabic to Kurdish
2-Borrowing words from Persian to Kurdish
3-Borrowing words from Turkish to Kurdish
B-Borrowing words from foreign languages to Kurdish

The second chapter explains the processes which participate in forming words which include the following processes: (Borrowing, derivation, compounding, translation ...)